# (کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نابینایان)
# توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی

**واحدە حمەویس نصراللە [١]، شڤان عبدالكريم عارف [٢]**

[١،٢] بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ،زانکۆی سلێمانی ،شاری سلێمانی ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

Corresponding author's e-mail: wahida.wais@univsul.edu.iq

## پوختەی توێژینەوەکە

توێژەر توێژینەوەیەکی ئەنجامداوەبەناونیشانی(کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی نابینایان، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی) ئەمەش بە ئامانجی زانینی هەندێک لە کێشە دەروونی وخێزانی و کۆمەڵایەتیەکانی نابینایانی شاری سلێمانی بەڕەچاوکردنی ڕەگەز. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەستووە بە میتۆدی چۆنایەتی وبەکارهێنانی چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان هەروەها لێتوێژراوان پێکهاتبون لە ٢٠ نابینای شاری سلێمانی لە ڕەگەزی نێر و مێ، کە سێ تایبەتمەندی سەرەکیان هەبوو ئەوانیش: تەمەنیان سەرووی ٢٥ ساڵ بون ، خێزاندار و خاوەن کاربوون.

گرنگترین ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن کە زۆربەی نابینایانی ڕەگەزی مێ هەستیان بە کەمی دەکرد، بەڵام ڕەگەزی نێر هەستیان بە کەمی نەدەکرد هەروەها نابینایانی نێر و مێ هەستیان بە نائومێدی دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خێزانی نابینایانی مێ هەستیان بە شەرم و کەمی دەکرد لەبەر ئەندامە نابینایەکەیان هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە نابینایانی نێر هەست بە شەرمەزاری دەکەن لە گرێدانی پەیوەندی هاوڕێیە تیدا.

**کلیلە ووشەکان:**(کێشەی دەرونی،کێشەی کۆمەڵایەتی،نابینا).

## Abstract

The researcher conducted a research entitled (Psychological and social problems of the blinds, a field study in Sulaymaniyah city.) Further, regardless of the gender, the research aims to reveal the psychological and social problems of the blind in Sulaymaniyah. The researcher relied on qualitative method based on semi-open interviews to collect data and information. In addition, the participants consisted of 20 blind people in Sulaymaniyah, 10 males and 10 females, who had three main characteristics: they were all over 25 years old, married and employed.

The most important results show that most of the blind females felt inferior, but males did not However, most families of the blind females felt ashamed and inferior because of their blind member, Socially, the blind males are more likely to feel embarrassed about making friends. It can be said, the research shows that in education the blind students are not treated well by the teachers. Also, the poor buildings of the schools and lack of audio recordings of scientific resources are the major problems for the blind people. Lack of scientific resources that are written in braille was also a problem.

**Keywords :**( psychological problem, social problem , blind ).

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10451 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | wahida.wais@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.ی.د. واحدە حمەویس نصراللە، شڤان عبدالكريم عارف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**ملخص الدراسة**

قدم الباحث دراسته بعنوان: (المشاكل النفسية والاجتماعية لدى المكفوفين - دراسة ميدانية في مدينة السليمانية) تهدف الدراسة إلى التعرف على بعض المشاكل النفسية والعائلية والاجتماعية للمكفوفين في مدينة السليمانية باتخاذ الجنس بعين الاعتبار. اعتمد الباحث على المنهج النوعي والمقابلات شبه المنظمة لجمع البيانات والمعلومات، وتألفت عينة الدراسة من عشرين(٢٠) كفيفاً في السليمانية من الذكور والإناث اشتركوا في ثلاث خصائص رئيسة وهي: أنهم تجاوزوا الخامسة والعشرين من العمر، متزوجون و ذات وظائف . أظهرت النتائج أن أغلب المكفوفات من الاناث شعرن بالنقص والدونية ، لكن المكفوفين الذكور لم يشعروا بذلك، مع ذلك أغلبية عوائل الكفيفات شعرن بالعار والنقص بسبب احتضانهن ومن الناحية الاجتماعية تبين أن المكفوفين كانوا محرجون في إقامة علاقات اجتماعية مع مجتمعهم.

**الكلمات المفتاحية:** المشكلة النفسية ، المشكلة الاجتماعية ، المكفوف.

## پێشەکی

پێشکەوتنی گەلان بەوە دەناسرێت کە گشتگیرەو هیچ توێژێك لێی بێبەری نابێت ، کەسانی نابینا هاوشێوەی کەسانی چاوساغ هاوتای یەکن لە ئەرك و مافدا،مادام مرۆڤن بۆیە پێویستە بەشێکی گەورەی بایەخدانمان تەرخان بکەین بۆ دەرخستنی لایەنە لاوازو بەهێزەکانی ژیانیان لە کۆمەڵگادا.

خوای گەورە باکی بەسەر مرۆڤەوە هەیە لەوەدا کە باشترین نیعمەتی پێ بەخشیوە وەك نیعمەتی (هەست) پاش ژیری چونکە هەست مرۆڤ دەبەستێتەوە بە دنیای دەرەوە کەلەرێگەیەوە دەتوانین زانیاری و ئەزموونی دەرەکی گەڵالە بکەین تێڕوانینەکانمان لەبارەی دەوروبەرەوە هەستەکان بۆمان دەستەبەر دەکەن ، بۆیە کێشە لەهەریەکێك لەو هەستانە هەبێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسایەتی و ڕەفتارهو پەرچە کرداری کەسەکە بەجێ دەهێڵێت. بوون بە خاوەن پێداویستی تایبەت چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی و ئابووری دەگەیەنێت جاران کە ئەم توێژە جێی گرنگی و بایەخ پێدان نەبوون بەڵام ئێستا بوونەتە جێی گرنگە پێدان و چاودێری و سۆزی کەسانی دیکە بەشێوەیەك کەزۆربەیان بوونەتە جێی سەرنج و تێڕامان و شانازی لەکۆمەڵگادا (علی ابراهیم، ٢٠١٣).

سەرەڕای ئەوەی کەهەستی بینین ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەژیانی تاکداو بێبەشبوون لێی ئەمەش واتایەکی زۆر دەگەیەنێت لای کەسەکە ، لەڕووی هەستیشەوە کەسەکە پێی وایە نوقمی دنیایەکی تاریکە ، تەنانەت کەسەکە پێی وایە بەنابینا بوون کە ترس و مەترسی دایپۆشیوە لەناو ماڵ و خوێندنگاو شەقامدا هەروەها بێبەشە لەبینینی ئەندامانی خێزانەکەی و هاوڕێکانی و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی وەك دیارە لەدەستدانی بینین وا لەمرۆڤ دەکات کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەبێت جیای بکاتەوە لەکەسانی دیکەدا کە کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی.. (هدى سلامه ، ٢٠٠٩).

## یەکەم

## ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

### ١.کێشەی توێژینەوەکە :

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە ئەو پرسیارەیە کە ئایا هەندێك لەوکێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە نابینایانی شاری سلێمانی هەیانە چین ؟ چونکە زۆرجار خودی نابیناکە دۆخەکەی خۆی ڕەنگە قبوڵ نەبێت یان ڕەنگە قبوڵی بێت و کۆمەڵگە قورسایی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی و ژیانکردنی کۆمەڵایەتی بۆ دروست بکات.

### ٢- گرنگی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی کاتێک ئەنجامدەدرێت بەگوێرەی ئەو بابەتەی توێژینەوەی لەسەر دەکات، لەڕێگەی خستنەڕووی زانیاریەکانی ناو توێژینەوەکە، کۆمەڵێک سود و گرنگی لەخۆ دەگرێت،

لە هەرێمی کوردستان نابینایان کاتێک کە بەر کۆمەڵگە دەکەون لە ژیاندا کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتیان بۆدروست دەبێت کەکاریگەری دەکاتە سەر لایەنی دەروونییان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکی زانستییە بۆ زانینی ئەو کێشانە، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ ئەو توێژەرانەی لە دوای ئەم توێژینەوەیە دێن و دەیانەوێ لەم بوارەدا کاربکەن و توێژینەوە ئەنجام بدەن. گرنگیەکی تری ئەوەیە لەڕێگەی خستنەڕووی زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردە دەدرێتە ئەو توێژەرانەی دوای ئەم توێژینەوەیە دێن، کە گرنگی بەم بوارەبدەن و توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکەن. سودێکی تری ئەوەیە کە کۆمەڵێک پێشنیار ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی وئەو شوێن و لایەنانەی پەیوەستن بەم بابەتەوە دەکرێت، کەبتوانن گرنگی زیاتر بەچارەسەرکردنی کێشەکانی نابینایان بدەن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سێ ئامانجی سەرەکی هەیە کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:
٢-١ زانینی هەندێک لە کێشە دەرونیەکانی نابینایانی شاری سلیمانی بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزی نابیناکان
٢-٢مزانینی هەندێک لە کێشە خیزانیەکانی نابینایانی شاری سلێمانی بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزیان.
٢-٣ زانینی هەنێک لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی نابینایانی شاری سلێمانی بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزیان.

## ٤-بوارەکانی توێژینەوەکە:

أ-بواری کاتی : بریتییە لەو ماوەیەی کە کارە مەیدانییەکانی تیادا ئەنجامدراوە لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە کەلەبەرواری ٢٠٢٢/٥/١٠ ئەنجامدرا لەگەڵ یەکەم لێتوێژراودا تا بیستەم چاوپێکەوتن کەلەبەرواری ٢٠٢٢/٧/٤بوو ، کە کۆتا لێتوێژراوبوو .
ب- بواری مرۆیی : بریتییە لەنابنایانی شاری سلێمانی .
ج-بواری جوگرافی : بریتییە لەشاری سلێمانی کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامدرا .
دووهەم

## ناساندنی چەمکەکان

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سێ چەمکی سەرەکی هەیە و دەیەوێت بەشێوازێکی زانستی و ئەکادیمی بیان ناسێنیت کە ئەم چەمکانەی لای خوارەوەن :
أ-کێشەی دەروونی
ب-کێشەی کۆمەڵایەتی
ج- نابینا.

## أ-کێشەی دەروونی :

کێشەی دەروونی بریتییە لەو کێشەیەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ ناوەکی لە ناخی تاکدا ، یان ململانێ دەرەکی لای تاکەکە بەهۆی کەسانی چواردەورییەوە و ئەم ململانێیەش هۆکارە بۆ لاوازی خۆگونجاندنی کەسی و بێبەشی دەکات لە ئارامی و دەروون دروستی. (الهاشمی،٢٠٠٣ ،ل٨٦)،هەروەها کە ئەو تەنگژەیەیە کە مرۆڤ پێوەی دەناڵێنێ کۆمەڵێك نیشانەی دەروونی و جەستەیی لەخۆدەگرێت و لە چوارچێوەی تێکچوون لە بیرکردنەوە و هەڵچوون تاك دەینوێنێت و پێوەی دیارە. (المنصوری ،٢٠٠٨, ل ١٩ )،یاخود کێشەی دەروونی بریتییە لە هەردۆخێکی دەروونی ناجێگیر کە پێویستی بە چارەسەرو ڕاستکردنەوە هەیە.
پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی کێشەی دەروونی :
لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی پێشوو بۆ چەمکەکە دەتوانین بڵێین کە کێشەی دەروونی بریتییە لە کۆمەڵێك بەربەست و ئاستەنگی کە دووچاری نابینایان دەبێتەوە و ئەبێتە هۆی ململانێ لە ناخیاندا و ململانێ دەرەکی لەگەڵ کۆمەڵگا وە هۆکاریشە بۆ نەگونجاندنیان لەگەڵ دەوروبەرو بەدینەهێنانی ئامانجەکانیان لە ژیاندا.

## ب- کێشەی کۆمەڵایەتی :

کێشەی کۆمەڵایەتی بریتییەلە ئاستەنگی و لادانی ڕەفتاریی پەیوەست بە پەیوەندی گەنج بە کەسانی دیکەو بەهاکانی کۆمەڵگاو خێزان و داب و نەریت و یاساو ڕێساکانی کۆمەڵگا. (المنصوری ،٢٠٠٨, ل ٢٠ )
هەروەها کێشەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە لاوازی تاك لەبەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی سەرکەوتووانە و جێگیر کەلەسەر متمانە بەخۆبوون و لێبووردەیی و هاوکاری دەوەستێت. (الخریشا ، ٢٠٠٩ ,ل ٤٧٨ )

## پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی کێشەی کۆمەڵایەتی :

لەبەرڕۆشنایی پێناسەکانی پێشودا دەتوانین بڵێین کێشەی کۆمەڵایەتی هەر نەنگی ، بەربەست و نەگونجاندنێکی نابینایە لەناو کۆمەڵگادا لەوچرکە ساتەوەی کە بەرکۆمەڵگا دەکەوێت چ داب و نەریت و کلتور بێت یان ڕێساو یاسا کۆمەڵایەتییەکان یان ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کەسانی دەوروبەر لەگەڵیاندا کەهۆکارە بۆ دروستبوونی کێشە لەڕووی ژیانکردنی کۆمەڵایەتییەوە.

### ج- نابینا :

- لەڕووی پزیشکییەوە نابینا :

بریتییە لەو دۆخەی کە مرۆڤەکان توانای بینین لەدەست دەدان لەڕێی ئەو ئەندامەی کە پێیدەبینن واتە چاو بەهۆی گرفتێکی کتوپڕ کەلەڕووداوێکدا تووشی دەبێت ، یا زگماکی یان بەلەدایکبوون نابینایە لەبۆچوونی پزیشکییەوە نابینا ئەوکەسەیە کە ئاستی بینینی ناگاتە ٢٠/ ٢٠٠ پێ لە باشترین حاڵەتدا تەنانەت بەبەکارهێنانی چاویلکەشەوە واتە ئەگەر مرۆڤێکی ئاسایی لەدووری ٢٠٠ پێ تەنێك ببینێ پێویستە نابینا لە نزیکی ٢٠ پێوە ببینێ (عبید ،٢٠٠٠،ل١٤٢).

بەڵام کەسانی کەمبینا ئەوکەسانەن کەوا ئاستی بینینیان (٢٠/٧٠ تا ٢٠/١٠٠)پێیە لە باشترین حاڵەتدا وە لەدۆخی ئاساییدا مرۆڤ بینا (چاوساغ) ئاستی بینینی بریتییە لە ٢٠/٢٠ پێ. . (بشایی ،١٩٨٢, ل ٥٤ )

### - لەڕووی یاساییەوە نابینا :

بریتییە لەو دۆخەی کە مرۆڤ تیایدا هەستی بینین لەدەست دەدات وکاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ڕۆڵبینین وگەشەکردنی. (عبید ، ٢٠٠٠،ل١٤٢)،مەبەست لە نابینا بریتییە لەوکەسانەی کە توانای بینینان بەتەواوەتی لەدەستداوە یاخود بەشێکی بیناییان لەدەستداوە و کەمبینان. (احمد،١٩٦٧،ل٨٧ )

### - پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی نابینا :

لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی پێشووەوە بۆ چەمکەکە دەتوانین بڵێین نابینا ئەوکەسەیە کە بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بێت توانای بینینی نییەو لەکۆمەڵگادا بەچەندین کێشەی دەروونی وکۆمەڵایەتی تێپەڕ دەبێت و پێویستی بە ئامرازی تایبەت هەیە وەك گۆچان ، نووسینی براێل و بەدەنگکردنی ئامێرە زیرەکەکانی وزەك و مۆبایل و تابلێت و ئایپاد و لاپتۆپ و. . . هتد تاوەکو بتوانێت بەلایەنی کەم وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژی و زاڵ بێت بەسەر ئەو بەربستانەی کە دێنە ڕێی.

## سێهەم : هەندێك لە کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتیەکانی نابینایان

### ١- کێشەی هەڵچوونیەکان :

کێشەی هەڵچوونی یەکێکە لە کێشە دەرونیەکان کە هەریەك لە هەستیاری دەروونی و ئاسان ورژانە ، کەلەم دۆخەدا نابینا ناتوانێت و دەسەوسانە بەرامبەر بە کۆنترۆڵکردنی خۆی لەکاتی هەڵچوونیدا، بۆیە تووشی دووفاقی دەبێت لە هەست و دوورویی و هەڵچوون و یاخیبوون و ترس و دلەڕاوکێیە ( Canolyn ,  2009. Pp, 15 – 17).

### ٢- کێشە پیشەییەکان :

ئەمانەش هەریەك لە کەم وکوڕی لە فێربوون و ڕاهێنان و شیاندنی پیشەیی و هەڵە پیشەییە ڕەخساوەکان و چۆنیەتی چوونە ناویەوە بۆ بەشداری کردن تیایدا دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی خراپی گونجاندنی پیشەیی و دیارەی بیکاری ئابووری و پشت بەستن بەوانی دیکە بەهۆی نابینایی یەوە ( العلیوی ، ١٩٩٣ ، ل ٥٦).

### ٣- هەستکردن بە کەمی :

لە یاری ناچاربوونی خێراز بەداواکردنی پاڵپشتی دارایی لە پێناو پڕکردنەوەی تێچووی کەسی کەم ئەندام ، لەم کاتەدا کەسەکە هەست بە کەمی دەکات و ئەگەر کەم ئەندامیەکە جەستەیی بێت و بینرێت ئەوە تووشی ئازاری دەروونی دەبێت و هەست بە شەرم دەکات و لەهەمان کاتدا خۆی بە لاواز دەبینێت لە ئاستی هاوڕێکانی چونکە پێ وایە ناتوانێت هێز و توانای خۆی دەربخات بەهۆی دۆخەکەیەوە بۆیە ترسی لە داهاتوو هەیە و پێی وایە ناڕوونە و تاریکە و لە ئەنجامدا چەندین زەبری دەروونی تووشی دەبێت خۆی بە کەمتر دەبێنێت بەراورد بە کەسانی دیکە ( الملیجی ، ١٩٨٥ ، ل ٣٤٠ ).

### ٤ - هەستکردن بە تاوان :

هەستکردنی بە تاوان لە لای نابینایان وەك یەکێك لە کێشە دەرونیە بەرچاوەکان دادەنرێت وسێ شێوە لەخۆدەگرێت ( بشیر ، ١٩٨٣ ، ل ١٠٦ – ١٠٨ )

- نابیناکە پێی وایە دۆخەکەی بەرئەنجامی گوناهێکە کە کردوویەتی بۆیە بەردەوام ئازار دەچێژێت لە ڕووی دەرونیەوە چونکە بیر لە دۆخەکەی و هۆکارەکەی دەکاتەوە.
- نابینا هەستدەکات کە بارێکی گرانە بەسەر خێزانەکەیەوە و لەم کاتەدا کە ئەگەر هاوسەری کەم نابیناکە کاربکات کەسی
-نابینا پێی وایە بوەتە بارگرانی لەسەر بوودجە و داهاتی خێزانەکەی بەهۆی ئەم دۆخەوە کە هاوسەرەکەی کار دەکات و هەست بە شەرمەزاری دەکات . چونکە پێی وایە سەرچاوەی مەترسییە بۆ ئەندامانی خێزانەکەی.

### ٥- نا ئومێدی :

یەکێك لە کێشە هەرە دیارەکانی هەندێك لە نابینایان بە تایبەت وکەم ئەندامانیش بە گشتی بریتییە لە هەست کردن بە نائومێدی لەدەرئەنجامی دۆخەکانیەوە کە تووشی دەبن ئەویش: ئەوکردەیەیە کە تیایدا تاکی نابینا درك بە کۆسپە و تەگەرەیەکی بەردەم وەدیهێنانی پێداویستییەکانی و تێرکردنی پاڵنەرەکانی پێشبینی ڕوودانی تەگەرەیەکی ئایندەی دەکات (فەهمی ، ٢٠١٢ ، ل ٢٢٣ ).

**٦- کێشەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی :**

لەبەرئەوەی کە نابینا مرۆڤە و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە بێگومان بە بەردەوام لە تۆڕێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا دەژی ، واتە پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە وەك هەر کەسێکی دیکەی ئاسایی ، بەڵام نابینایی کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی کەسەکە لەگەڵ ئەندامانی تری خێزان و هاورێکانی و لە خوێندنگا و کۆمەڵگادا دەبێت. بەهۆی هەست نەکردنی نابینا کە بە یەکسانی لەگەڵ هاورێکانی دیکەی بەو پێیەی ئەم کەسێکی جیاوازە کە نابینایە گۆشەگیر دەکات چونکە هەست بە کەمی دەکات و تێکەڵیان لاوازە ( محمود ، ٢٠٠٩ ، ل ٦٣ ).

**٧- کێشەی هەستکردن بە شەرم لای خێزانی نابینایان :**

گەرچی خێزان بچوکترین و گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتیە و تاکە ئامێزی سەرەتاکۆتاییە بۆ هەر کەسێك بەڵام هەبوونی منداڵی نابینا لای هەندێ خێزان وەك نەنگیەك سەیر دەکرێت و مایەی شەرمە بۆیان و بەهۆی ئەم بۆ چونە نەرێنییەوە بۆ خودی ئەندامە نابیناکەیان تەنانەت کاریگەری لەسەر پەیوەندی خێزانەکە لەگەڵ خێزانەکانی تر دروست دەکات و نایانەوێت کەسی منداڵەکەیان ببینێت و دەری ناخەن و پەیوەندیەکانیان سنووردار دەبێت تا دەگاتە ئاستی دابڕان لە هەندێك باردا و زۆر جار یەك لە باوان زیاتر سۆزی بۆ نابیناکە دەبێت و پێوەی سەرقاڵ دەبێت و کاتی خۆی دەگرێت ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەی هاوسەری دروست دەکات ( محمود ، ٢٠٠٩ ، ل ٦٤ ) .

**٨- کێشەی خزمایەتی :**

بێ گومان بەهۆی پەیوەندیە خوێنیەکانەوە هەموو مرۆڤێك بە چەندین کەسێکەوە بەستراوە و بە بەردەوامیش بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی هەیە لە نێوانیاندا بەڵام کەسانی نابینا تووشی کێشە دەبن لەم بەرکەوتنە کۆمەڵایەتیەدا چونکە خێزانی کەسی نابینا هەندێك جار دەسەوسان دەبن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەندامە نابیناکەیاندا کە پاڵپشتی بن و پەروەردەی بکەن بە جۆرێك دانەبڕێت و دوور نەکەوێتەوە لە خزمەکانیان . (الکاشف ، ٢٠٠٧ ، ل ٨٩ )

**٩- کێشەی قبوڵکردنی نابینا لای باوانەوە :**

زۆر لە باوان لە چرکەساتی زانینی نابینابوونی منداڵێکیانەوە چەندین ساڵ لە هەوڵی نکوڵی کرندا دەبن بە واتایەك کە چەند ساڵێکی تەمەنیان بەوە دەبەنە سەر کە منداڵەکەیان بگەرێنن بەسەر دەیان پزیشك بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی نابینایی منداڵەکەیان دەشزانن بێ سودە و نابینایی راستیەکی حاشا هەڵنەگرەو ئەوان نایانەوێ قبوڵی بکەن کە منداڵێکی نابینایان هەبێت (عواده ، ٢٠٠٦ ، ل ٨ ).

**١٠- دوورە پەرێزی کۆمەڵایەتی :**

هەروەك چۆن بەشێك لە مرۆڤەکان کەمتر کۆمەڵایەتین ئارەزووی دوورە پەرێزی و گۆشەگیربوون دەکەن بە سروشت و کەمتر حەزی لە پەیوەندی بەستن و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لە ناخیان چەکەرەی کردووە جا بە هۆکارێك بێت بابەتی هۆکارێکی دیاریکراو کەبوبێتە پاڵنەر بۆ ئەم دوورە پەرێزی یەی ، هەندێك لە نابینایانیش بەهەمان شێوەن بەڵام کێشەکە لێرەدا نی یە ، بەڵکو کاتێك کە دوورە پەرێزی نابینایەك بەهۆی نابینابونیەوە بێت لێرەدا کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە چونکە سروشتی خۆی نییە و رەنگە هەر ساتێك ئارەزووی تێپەراندنی بکات واتە دۆخێکی چارەخوازە و جەختەکە لەسەر چارەسەرکردنی ئەو دوورەپەرێزیەیە لای هەندێك نابیناکە بە هۆی نابینایەوە دوورەپەرێزبوون و گۆشەگیرن .

**١١- خۆشباوەری :**

لە خاڵێکدا کۆکن ئەویش خۆشباوەریە لای کەسانی نابیناکە هەندێك لە نابینایان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا رەنگە رووبەڕووی کۆمەڵێك وتە و بیرۆکە ببنەوە کە لە کەسانی دیکەوە وەری دەگرن و بڕوای پێدەکەن بەبێ هەبوونی هیچ بنەمایەک بۆ ئەو بیرۆکانە کە بەم بارەش دەوترێت خۆشباوەری .

رەنگە بەهۆی دەسەوسانی نابینایان بەهۆی دۆخەکەیانەوە لە دەرخستنی راستی وتە یا بیرۆکەیەك لە لایەن خۆیانەوە ناچارین لە دەمی کەسانی دیکەوە وەری بگرن و مەرجیش نیە هەر وشە و بیرۆکەیەك لە لایەن کەسێکەوە وترا راستبێت بۆیە زۆرجار خۆش باوەری جگە لەوەی خۆی کێشەیە کێشەی کۆمەڵایەتیشی لێدروست دەبێت بۆ کەسی نابیناکە. لە (رواجعه ، ٢٠٠٤ ، ل ٢٤ ).

## چوارهەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### میتۆدی توێژینەوەکە :

**میتۆد :**

بریتییە لە چەند ئامرازێکی پێوانەیی کە بەکاردەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەشێوەیەکی رێکخراو و پێکەوە گرێدراو لە سەرچاوە بنەڕەتی ، لاوەکی ، مرۆیی ، ژینگەیی و هزری بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت لێکدانەوە و شیکاری بۆ پرسەکان بکات (خزاعلە و ئەوانی تر ، ٢٠١٨،ص ٣٢٩).

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بەمیتۆدی توێژینەوەی بار بەستووە، جۆری توێژینەوەکەش چۆنایەتیبەستووە: توێژینەوەی چۆنایەتیش زیاتر کار لەگەڵ ووشەدا دەکات و بەشێوەیەکی قووڵ لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە و کار لەسەر تێگەیشتنی دیاردەکە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی پشت دیاردەکە و دەست نیشانکردنی گرنگترین لێکەوتەکانی دیاردەکە دەکات، و کاریگەریەکانی دیاردەکە دەخاتەڕوو(شوانی، ٢٠١٥، ص١٢٩).

### کۆمەڵگای توێژینەوە و هەڵبژاردنی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە :

پێش ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستە توێژەر ئەوەی لەلا ڕوون و ئاشکرابێت کە کۆمەڵگا و لێتوێژراوانی توێژینەوەکەی چۆنە و کێ دەگرێتەوە، و ئەو کۆمەڵگایە دەستنیشان بکرێت و پێناسە بکرێت، هەروەها توێژەر بتوانێت ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستی دەهێنێت بەسەر ئەم کۆمەڵگایە جێبەجێ بکرێت و بگشتێنرێت(شوانی، ٢٠١٥، ٢٤٣ص).

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە دەست نیشاندەکرێت بە نابینایانی شاری سلێمانی .

لێتوێژراوانی توێژینەوە پێناسە دەکرێت بە بەشێکی دیاریکراو لە کۆمەلگای توێژینەوە جا چەندایەتی بێت یاخود چۆنایەتی ، لێتوێژراوانی توێژینەوە کۆمەڵە تاکێك دەگرێتەوە کە هەڵگری هەمان تایبەتمەندیەکانی کۆمەلگای توێژینەوە بێت (عومەر، ٢٠١٢ ، ٢٤٩ص).

لێتوێژاراوانیش دەبنە نمونەی توێژینەوە .

لەم توێژینەوەیە توێژەر پشتی بەستووە بە جۆری نموونەی مەبەستدار، کە نموونەیەکە دەکەوێتە جۆری نموونە نا ئەگەریەکان.

نموونەی مەبەستدار بریتییە لەو جۆرەی نموونە کە تاکەکانی بەشداربووی توێژینەوەکە بەشێوەی تیروپشك دەستنیشان ناکرێن واتە نمونەیەکی نا هەرەمەکیە، کە هەلی یەکسان نادات بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بۆئەوەی بەشێوەیەکی یەکسان بەشداری توێژینەوەکە بکەن ، بەڵکو بە مەبەست هەڵدەبژێردرێن، بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە (عومەر، ٢٠١١، ص٢٣٨).

لێتوێژراوانی ئەم توێژینەوەیە لە (٢٠) کەسی نابینای شاری سلێمانی پێکدێن ، کە (دە) نێر و (دە) مێن، کەبەشیوەیەکی خۆبەخشانە ئامادەبوون ببنە لێتوێژراوی توێژینەوەکەمان لە ناو(١٦٦٢) نابینادا .

لێتوێژراوان خاوەنی سێ خەسڵەتی دیاریکراو بوون ئەوانیش :

**أ-تەمەنیان سەروو(٢٥)ساڵ بێت.**

**ب- هاوسەرداربێت.**

**ج-خاوەن کاربن لەکەرتی گشتی یان تایبەت.**



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەپێی ئەم خشتەیەی لای خوارەوە خەسڵەتەکانی لێتوێژراوان ڕوون دەکەینەوە :

| ژ.لێتوێژراو | ڕەگەزی لێ توێژراو | جۆری نابینایی لێتوێژراو |
|---|---|---|
| ١ | مێ | نازگماك |
| ٢ | نێر | نازگماك |
| ٣ | مێ | نازگماك |
| ٤ | نێر | نازگماك |
| ٥ | مێ | نازگماك |
| ٦ | نێر | نازگماك |
| ٧ | مێ | نازگماك |
| ٨ | نێر | نازگماك |
| ٩ | مێ | نازگماك |
| ١٠ | نێر | نازگماك |
| ١١ | مێ | زگماك |
| ١٢ | نێر | زگماك |
| ١٣ | مێ | زگماك |
| ١٤ | نێر | زگماك |
| ١٥ | مێ | زگماك |
| ١٦ | نێر | زگماك |
| ١٧ | مێ | زگماك |
| ١٨ | نێر | زگماك |
| ١٩ | مێ | زگماك |
| ٢٠ | نێر | زگماك |

## ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە :

بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نابینایان،کە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی پشت بەستراوە بە چاوپێکەوتن وەکو ڕێگایەکی زانستی کۆمەڵناسی.

چاوپێکەوتنیش کۆمەڵە پرسیارێك دەگرێتەخۆ، کە بە شێوەیەکی زارەکی لە ڕێگەی گفتوگۆ ئاراستەی لێتوێژراو دەکرێت، پرسیارەکانی چاوپێکەوتن هەریەکە لە ئاراستە و بەها و هەڵچوون و هەستەکان و بیروبۆچوونەکانی تاکەکانن لە کۆمەڵگادا (سەعید، ٢٠١٧، ص٥٤).

چاوپێکەوتن چەند جۆرێکە، جۆری چاوپێکەوتنی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەدا بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە. چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە واتە دیاریکردنی ژمارەیەك پرسیار سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە، لەهەمان کاتدا توێژەر ئازاد دەبێت لە ئاراستەکردنی پرسیاری تریش کە بە باش وگونجاوی دەزانێت، بەو مەرجەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەبێت(عمر، ٢٠١١: ٢٧٢).

توێژەر خۆی نابینایەو دانیشتووی شاری سلێمانیشە بۆیە تاڕاددەیەکی زۆر ئاگاداری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نابینایانە لەشاری سلێمانیدا هەربۆیە لای ئاسان بوو بزانێت دەبێت چ پرسیارێك بکات بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لێتوێژراوان هەندێك جیاوازییان هەبوو وەك ڕەگەز، ماوەی نابینایی و جۆری نابینایی ،هەربۆیە چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە باشترین جۆری چاوپێکەوتن بوو لای توێژەر کە هەر چاوپێکەوتنێکیش (٣٠_٥٠) خولەکی خایاند هەر (٢٠)چاوپێکەوتنەکەش تۆمارکراون، کارە مەیدانییەکانیش لە بەرواری ٢٠٢٢/٥/١٠ کە هاوکاتبوو لەگەڵ یەکەمین چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لێتوێژراوی ژمارە یەک تاوەکو ٢٠٢٢/٧/٤ کە هاوکاتبوو لەگەڵ دواهەمین چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لێتوێژراوی ژمارە ٢٠.

## پێنجەم

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردەکان

### ١-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

پاش ئەوەی توێژەر بەهۆی چاوپێکەوتنی لەگەڵ لێتوێژراواندا زانیاریەکانی کۆکردەوە و شیکاری کردن ، لە ئەنجامدا گەیشت بەوەی کە نابینایانی شاری سلێمانی بەدەست هەندێک کێشەوە دەناڵێنن لەوانەش :

**أ-لەڕووی دەروونیەوە /**

١:١ . زۆربەی نابینایانی مێ هەست بە کەمی دەکەن بەهۆی سەختی دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکان بەڵام زۆربەی نابینایانی نێر هەست بەکەمی ناکەن وێڕای هەبوونی هەمان سەختی دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکانیان .

٢:١ . زۆربەی نابینایانی و نێر و مێ توشی هەستکردن بە نا ئومێدی بوون بەڵام بەهۆکاری جیاواز ، بۆ نمونە نابینایانی نێر بەهۆی نا هاوسەنگی لە پەیوەندی هاوڕێیەتیاندا لەگەڵ کەسانی چاوساغ و بەشێکیشیان بەهۆی ئەوەوە کە کچانی چاو ساغ ئامادەنەبوون هاوسەگیریان لەگەڵدا بکەن ، هەرچی نابینایانی مێیوون زیاتر هاوسەرگیری نەکردنی کوڕانی چاو ساغ لەگەڵیاندا بێ ئومێدی کردوون و کاریگەربوون پێی بەبەراورد بە نابینایانی نێر .

٣:١ . زۆربەی نابینایانی نێر و مێ ترسیان لە داهاتوی خۆیان هەیە بەڵام بە هۆکاری جیاواز ، بۆ نمونە نابینایانی نێر ترسیان لە تێکچوونی دۆخی ئاسایش و ڕامیاری و دارایی شاری سلێمانی هەیە ، لە کاتێکدا نابینایانی مێ ترسیان لە هاوکاری کردنیان هەیە لە لایەن کەسانی چاو ساغەوە بۆیا توشی ترس و دڵەڕاوکێ بوون .

کەواتە نابینایی زۆرتر کاریگەری لەسەر ڕەگەزی مێینە هەیە بەراورد بە ڕەگەزی نێر وەک دۆخێکی تایبەت ، بەڵام وێڕای ئەم کاریگەربونەی مێیەکان بە دۆخەکەیان و بێزاربوونیان لە سەختی ژیانیان هەریریان لە کۆچکردن بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا نەکردوەتەوە لە کاتێکدا نێرەکان زۆربەیان خواستی کۆچکردنیان هەیە .

**ب-لەڕووی خێزانییەوە :**

١:٢ . زۆربەی نابینایانی نێر و بەشێکی نابینایانی مێ نیگەرانن لەوەی کە خێزانەکانیان بە بەزەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن .

٢:٢ . زۆربەی نابینایانی مێ و بەشێک لە نابینایانی نێر خێزانەکانیان هەست بە کەمی دەکەن چونکە کچ یان کوڕێکی نابینایان هەیە .

٣:٢ . زۆربەی نابینایانی مێ خێزانەکانیان پەراوێزیان دەخەن بەڵام زۆربەی نابینایانی نێر خێزانەکانیان ڕۆڵێکی باشیان گێڕاوە لە هاوکاری کردنیان .

٤:٢ . نابینایانی مێ زۆربەیان خێزانەکانیان وەک شەرم دەیان بینن بەڵام لای خێزانی زۆربەی نابینایانی نێر ئەم تێڕوانینە نەبوو.

ج-لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە :

١:٣. زۆربەی نابینایانی نێر هەستدەکەن بوونەتە بارگرانی بەسەر کەسانی دیکەوە بەڵام ئەم هەستە لای نابینایانی مێ بوونی نییە .

٢:٣ . نابینایانی مێ کێشەی نەشیاوی بیناکان بۆ کەسانی نابینا لە دیارترین کێشەکانە لەکاتی چوونە دەرەوەیان لە ماڵ ، بەڵام نابینایانی نێر جگە لە ناشیاوی بیناکان ناشیاوی ڕێگەوبان و منەتکردنی خاوەنکار یا بەڕەوەبەرەکەیان بەسەریاندا کێەی ڕۆژانەیانە لەکاتی چوونە دەرەوەیان لە ماڵ .

٣:٣ . زۆربەی نابینایانی نێر و مێ لە مامەڵەی کەسانی بەتەمەن بێزاربوون کە لەڕووی قسەو هاوکارییەوە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن .

٤:٣ . لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون نابینایان لە ڕەفتاری مامۆستاکانیان ڕەچاو نەکردنی خوێندکاری نابینا لە دروستکردنی بینای خوێندندا و بڕیارە کارگێڕیەکانی زانکۆکانیاندا ، کەمی ئەو بەشو پسپۆڕیانەی کە خوێندکاری نابینا وەردەگرن و کەمی سەرچاوە زانستیەکان کە بە دەنگ تۆمار کرابن یان بە شێوازی نوسینی زبر (برایل) نوسرابن بوونەتە کێشە بۆ نابینایان .

### ٢-ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان

١. بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق :

گرنگیدان بە دامەزراندنی نابینایان لە کەرت گشتی پسپۆڕیان چونکە وەک کەسی چاوساغ نین بتوانن خۆیان هەموو کارێک بکەن ، خۆ ئەگەر ئامادەبن کاربکەن خاوەن کارەکان زۆربەیان کاریان نادەنێ بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی دایان بمەزرێنێت یان دامەزراندنیان بکاتە مەرج لەسەر کەرتی تایبەت بە ڕێژەیەکی دیاری کراو .

٢. بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی :

گرنگیدان بە کردنەوەی ناوەندی تایبەت بە شیاندنی نابینایان بۆ کارکردن وبرواپەخۆبوونیان.

٣. بۆڕێکخراوەکانی تایبەت بە نابینایان :

گرنگیدان بە داکۆکیکردن لە مافی نابینایان زیاترلەوەی کە ئێستا دەیکەن و هەروەها دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان خۆیان و خێزانی نابینایاندا تا متمانەی خێزانی نابیناکان بەدەست بهێنن تاوەکو ئامادەبن منداڵە نابیناکەیان بچێتە ناو ڕێکخراوەکەو ئاشنای هاوڕێکانی ببێت و لە گۆشەگیری ڕزگاری ببێت .

٤. بۆ هەردو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ، ئاوەدان کردنەوە :

گرنگیدان بە دانانی ڕەمپا لە قارغی شۆستەکان و چاککردنی ڕێگەوبان و پێنەدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان بە هیچ بەڵێندەرێک کە دۆخی کەسانی نابینا لەبەرچاو نەگرێت لە پرۆژە وەبەرهێنانەکەیدا ، تاوەکو هاتوچۆی کەسانی نابینا لەسەر شەقام و ناو باڵەخانەکان ئاسان بێت.

٥. بۆ خێزانی نابینایان :

گرنگیدان بە پێدانی ڕۆڵ بە ئەندامە نابیناکەیان بە گوێرەی توانای خۆی تاوەکو پشت باخۆی ببەستێت و پەراوێزی نەخەن .

## سەرچاوەکان


١. ابراهيم عبدالهادى محمد المليجى ، الرعايه الطبيه و التأهيليه من منظور الخدمه الإجتماعيه مكتبه المعارف الحديثه ، القاهره، ١٩٨٥.

٢. أمثال محمد بشير ، أمثال إبراهيم مخلوق ، الخدمه الإجتماعيه و رعايه المعوقين ، المكتب الجامعى الحديث ، الإسكندريه ، مصر ،١٩٨٣.

٣. ايمان فؤاد الكاشف ، حق أسر الأطفال ذوى الإحتياجات الخاصه فى الحصول على خدمات أرشاديه ، كليه التربيه جامعه بنها ٢٠٠٧.

٤. خالد صالح محمود ، مشكلات الممارسه المهنيه للخدمه الإجتماعيه بدورحظانه المعاقين الكتب الجامعى الحديث ، مصر ، ٢٠٠٩.

٥. الخريشا ، علوج باجى (٢٠٠٩) ، المشكلات الاكاديميه والاجتماعيه والنفسيه التى تواجه طلبه كليه العلوم التربويه بجامعه مؤته فى الاردن وعلاقتها ، ببعث المتغيرات ، جامعه كليه التربيه ،

٦. خزاعله ، عبدالعزيز على ، معن خليل عمروئەوانی تر ، ٢٠١٨، دەروازەی کۆمەڵناسی، و، توانا فریدون، چ ، تاران.

٧. رفا محمد عواده ، الاعاقه التأهيل المجتمعى ، ورقه عمل قدمه الى المؤتمر الفلسطينى للتنميه و اعاده الأعمار فى الطفه الغربيه فلسطين ،٢٠٠٦.

٨. سەعید، پێشڕەو خەلەف (٢٠١٧): دەروونزانی گشتی، چاپخانەی یاد – سلێمانی، چاپی یەکەم.

٩. سيد خير الله ولطفى بركات احمد ، سيكولوجيه الطفل الكفيف وتربيده ، مكتبه الانجلو المصريه ، ١٩٦٧م .

١٠. شوانی، محمد (٢٠١٥): سەرەتایەك بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چاپخانەی هێڤی- هەولێر، چاپی یەکەم.

١١. على ابراهيم ، (٢٠١٣) ، تربيه المكفوفين وتعليمهم ، القاهره : عالم الكتاب.

١٢. العليوى ، عبدالرحمن (١٩٩٣) : مشكلات الطفوله و المراهقه و أسسها الفسيولوجيه و النفسيه ، بيروت : دار العلوم العربيه .

١٣. عومەر، مەعن خەلیل (٢٠١١): ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا،و: زیرەك ئەحمەد ڕەحمان، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر، چاپی یەکەم.

١٤. عومەر، مەعن خەلیل (٢٠١٢): میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و: محەمەد شوانی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم.

١٥. فتحى السيد عبدالرحيم وحليم السعيد بشابى ، سيكولوجيه الاطفال غير الالعادين ، دار القلم ، الكويت ، ١٩٨٢م ،

١٦. فەهمی ، مستەفا (٢٠١٢) دەرون دروستی ، چەند لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە سایکۆلۆجیای گونجان ، وەرگێڕانی : سەلام سەعدی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر.

١٧. ماجده السيد عبيد ، تعليم الاطفال ذوى الاحتياجات الخاصه ، دار الصفاء ، للنشر والتوزيع ، عمان ، بدون طبعه ، ٢٠٠٠،

١٨. المنصورى ، خالد احمد عثمان ، (٢٠٠٨) ، المشكلات النفسيه ، والاجتماعيه ، الاكثر شيوعا وبعث السمات الشخصيه لدى عينه من الطلبه رساله ماجستير غير منشوره ، كليه التربيه ، جامعه ام القرى.

١٩. الهاشمى ، عبدالحميد ، (٢٠٠٣) ، التوجيه والارشاد النفسى ، ص٣ ، جده دار الشروق .

٢٠. هدى سلامه (٢٠٠٩) ، الاليكشها وعلاقتها بالفلق لدى عينه من المراهقين المكفوفين ، رساله.

21. Carolyn , J Hilderth ( 2009 ) Association between Media use in A dolescence and Depression in young Adulthood : A Longitudinal Study , JAMA , Chicago

## پاشکۆی توێژینەوەکە

## فۆرمی چاوپێکەتن

### تەوەری یەکەم/ لایەنی دەروونی

١- ئایا بە هۆی ئەوەی کە خۆت جیهانی دەرەوە نابینیت وا هەست دەکەیت تۆ ئاستی شارەزایی و زانیاریت کەمترە لە وانی دیکە ؟
٢- چ کێشەیەک ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە بە بەردەوامیی؟ و پاڵنەری کیشەکانی ژیانی ڕۆژانەت چین؟
٣- چ شتێك لە ژیانت نائومێدی کردووی ؟کەی؟ چۆن ؟
٤- هیچ کات بیرت لە کۆچکردن بەرەو ئەوروپاکردۆتەوە ؟ هۆکارەکان چی بوون ؟
٥- هەڵسوکەوتی خەڵك چۆنە لەگەڵت؟ أ. کاریگەری هەلسووکەوتی خەڵکی چی بووە لەسەرت؟
٦- ئایا لە ڕووی هاوکاری کردنەوە ترست لە داهاتوو هەیە؟
٧- نابینایی چون کاریگەری داناوە لەسەر جوولە و چالاکی ڕۆژانەت؟
٨-ئایا هیچ کاتێك ڕوویداوە لە دەووروبەرت توڕە بیت ؟ چۆن ئەو توڕەبوونەت دەبڕیوە ؟

### تەوەری دووەم/ لایەنی خێزانی /

١- خێزانەکەت چۆن مامەڵەت لەگەڵدادەکات ؟ چ ڕۆڵێکیان هەیە لە هاوکاریکردنت؟
٢- هەستی خێزانەکەت بەرامبەرت چۆنە ؟ بۆچی ؟
٣- ئەندامانی خێزانەکەت لەسەر چ شتێك ناکۆکبوونە لەگەڵ یەکتری لەسەر تۆ؟
٤- خێزانەکەت چ کاریگەریەکیان هەبووە بۆ دابین کردنی ژینگەیەکی گونجاو تاکو کێشەکانت وەك نابینایەك کەم ببنەوە؟
٥- هەرگیز هەستت بەوەکردوە خێزانەکەت بوونت بەشەرمێک دابنێن و هەوڵی شاردنەوەت بدەن؟
٦- گرنگترین ئەوکەسانەی کێن کە لەناو خێزانەکەت هاوکاریت دەکەن؟
٧- لەکاتی تێکلاوبووندا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت وکەسانیتردا مامەڵەیان چۆن بووە لەگەڵت؟

### تەوەری سێهەم / لایەنی کۆمەڵایەتی :

١- هیچ کات هەستتکروە بارگرانیت بەسەر کەسانیتر ؟
٢- ئەو کیشانەی چین کە لەمیانی پەیوەندی هاوڕێیەتی تووشت بوونە؟
٣- بازنەی هاوڕێیەتیت زیاتر لەدەوری چ کەسانێکە چاو ساغ یاخوود نابینا؟ چ شتێك پالنەرت بووە بۆ دەست نیشانکردنی بازنەی هاوڕێیەتیت؟
٤- ڕۆژانەکە دێتەدەر لەماڵ ، بۆهاتوو چۆکردن چی کێشەیەکت دێتە ڕێت ؟
٥- لە کارکردندا چی کێشەیەکت ڕووبەڕوو ئەبێتەوە؟
٦- کەسانی دەووروبەر بە چ شێوازێك مامەلەت لەگەل دەکەن؟
٧- ئەوکیشانەی چین کە لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون هاتوونەتە ڕێت؟


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360